

Holy logos

By:Redin attar

Holy logosلۆگۆسی پیرۆز

سەبارەت بە ناونیشانەکە :

هەرچەندە من دەربڕینی «لۆگۆسی پیرۆز»م لە هیچ شوێنێکە بەیانکردنە تیۆلۆجییەکانی مەسیحیەتدا نەبینیوە و بە هەڵش نەچووبم هەر بەو بەیانە نەهاتووە؛ بەڵکو تەنها بە «وشەکە»یان«لۆگۆس»یان«پەیام» هێنراوە و نوسراوە، بەڵام من بۆ جیاکردنەوەی لەو هەمووە شێواندنانەی کە نوسەران و بیرمەندانی نوێ خۆمان و جگە خۆشمان کردوویانە لە بەرامبەر لۆگۆسدا ئەو دەربڕینەم بەکاربردووە تا هەم لەکاتی گوتنیدا بیرمان بۆ لای دەقە پیرۆزەکان خێرا بکێش ببێت و هەم باسەکەش لە دەوری لۆگۆسە ئینیجلییەکەم جەم بکەمەوە.

[I]

ئەوەی لە دەقی کتێبە پیرۆزەکان_تەنها دەقە ئاسمانییە ئیبراهیمییەکان_ دەبینرێت؛ بوونی خودایەکی تاقانە و تاك و ئافریدەکارە، ئەوەشی دەربارەی ئەو خوداوەندە بەرچاومان دەکەوێت دۆخێکی هەبوویی[وجودی] حەقیقەتێکە کە؛ ئەزەلی و ئەبەدیی و سەرمەدییە، ئەم خودایە لە سەرەتادا [مەبەستم لە سەرەتای پەیمانی نوێیە/ئینجیل] وا دەردەکەوێت چەند فەرمانێکی ببەبێ(کونفەیەکون)باگگراوەندی وشك و برینگی هەبێت و هیچی کە، بەڵام تا ڕام ڕام گوزەر بەناو ئەم وشانەدا دەکەین و بەرەو قوڵاییەکانی پەیمانی کۆن و دواتر دەرکی پەیمانی نوێ دەڕۆین، ئەم فەرمانانەی خوداوەند دەبینین کە؛ بەرجەستە دەبن و دەتوێنەوە لە نێو دوو شتدا: یەکەمیان توانەوەیەتی لە «تەنێکدا»، دووەمیشیان بەرجەستەبوونیەتی لە [تەنێکی ڕۆحەکی ناو ئەو تەنە گیانەکییە]ی یەکەم؛ لە پاڵ خودی خوداوەند خۆیدا .

بەڵام «توانەوە و بەرجەستەبوون»ەکەش دوای ڕوودانی ئەوەی کە باسم کرد کۆتایی پێنایەت، لەبەر ئەوەی ناوبراوی [تواوە]↩(بەرجەستە دەبێت) و سووڕێکی بەردەوام و هەمیشەیی دەکات تا هەتایە، تا لە کۆتایدا دەبێتەوە بە ماددە خامەکەی سەرەتای کە (وشەکە)یە.

[II]

لە سەرەتاکانی ئینجیلی یۆحەنا(یەك)دا هاتووە کە:

"لە ئەزەلدا پێش ئەوەی هیچ شتێك بێتەبوون «وشە» هەبوو، وشەکەش لای خودا بوو، وشەکە خۆی خودا بوو، ئەو لە سەرەتاوە لای خودا بوو، هەمووشتێك بەو بەدیهاتووە، بێ ئەو هیچ شتێك بەدی نەدەهات لەو شتانەی کە؛ بەدیهاتوون، وشەکە سەرچاوەی ژیان بوو، ژیانەکەش ڕووناکی مرۆڤ بوو، ڕووناکیەکەش لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە و تاریکیەکە بەسەریدا زاڵ نەبوو..."-١:٥-

له دەقی یۆنانی ئەم دێڕەدا «وشەکە» بەم شێوەیە نوسراوە λόγος» لۆگاس_یاخود: لۆگۆس_» کە پاژی سەرەتای رستە ئینجیلیەکە بە یۆنانی بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

یۆنانی: ἐν ἀρχῇ ἦν ὁ λόγος :

شێوازی خوێندنەوەکە: ئین ئارکێی ئێین هۆ لۆگاس.

واتە: سەرەتا لۆگۆس هەبوو.

[IV]

بەم شێوەیە دەبینین کە «وشەکە»بە«لۆگۆس» ناوبراوە و ئەمەش ڕامانەدەکێشێت بۆ ئەوەی بزانین جارێ خودی وشەکە _لۆگۆس_ لەخۆیدا چ مانایەکی هەیە دوور لە داتاشینە ئاینیەکە. پێناسەکردنی واژەی لۆگۆس زۆر دژوارە و لەکاتی دەستکردنمان بە کارێکی وەها؛ ئەم وشەیە ڕووبەڕووی ئەفسانە و ئاین و زانست و ئەدەبیات و چەندین گرێی واژەیی تری وەك «ئیتۆس» و «پاتۆس»و...هتدمان دەکاتەوە کە؛ بۆ هەرکامێکیان پێویستمان بە ڕوونکردنەوەی زۆر دوور و درێژ و بەڵگەهێنانەوەی ساختەوپاختەکراو هەیە تا مانایان لە یەکتری جودابکەینەوە و کارکردیان لە سیاقی ڕستەدا بخەینە ڕوو، بەڵام من لێرەدا ئەوەی بە پێویست و گرنگی دەزانم واتاکردنەوەیەکی سەرەتایی و تارادەیەك وردی واژی «لۆگۆس» بەتەنها، نەك چوونە ناو ڕەگ و ڕیشە زمانییە هاوسێواژەکانی؛ کە هەندێك دەڵێن لە یۆناندا وشەی وامان نەبووە و لە عیرفانی هیندی و ئێرانەوە وەرگیراوە و براوە بۆ یۆنان و هەندێکی تر دەڵێن لە یۆنان لەدایك بووە و ...هتد، چوون پێویستی باسەکەم نیە، خولاسە؛ ئەوەی ڕوونە واژەی «لۆگۆس» بابەتێکی زۆر گرنگی ناو تەواوی قوتابخانە فەلسەفییەکانی یۆنان بووە هەر لە زەمانی هیراکلیتۆس(٣) کە لۆگۆسی بە؛ تەوەرەی ڕێکوپێکی [نەضم]ی کائینات و بنەچەی حاکمیەت بەسەر جیهانەوە داناوە، یاخود گەر شەن و کەوی تەواوی پارچەکانی هیراکلیتۆس بکەین؛ ئەنجامگیریەکی لەم شێوەیە دەتوانین بکەین کە: هیراکلیتۆس باوەڕداربووە بە حەقیقەتێك بەناوی لۆگۆس کە جیهانگیر و بوون-داگیر و ڕاست بڵێم (جیهانپۆش) و هاوبەشە لە نێوانی هەموو بووەنەوەر و خوداوەندێکی سەرمەدی، بەرعۆدەی وەحدەتی بنیادی تەواوی هەبووەکانە، وە دەتوانین لۆگۆسەکەی هیراکلیتۆس با یاسای بێسنووری بوون و کلێشەی هاوبەشی تەواوی هەبووەکان بزانین، کە تەکوزی[نەضم] بە هەموو ئەوانە دەبەخشێت، سا ئەگەر مرۆڤەکان تەنها پشت ببەستن بە تێگەشتنی تایبەتی[شەخسی] خۆیان بە تەنها، ئەوا نادۆزنەوە و تێناگەن(٥) بەڵام ئەگەر گوێشلکەن و تێرامێنن بۆ (لۆگۆس کە؛ دەستوورێکی گشتی و هاوبەشە)و گوێ شلکردنەکەیان ڕۆحەکی بێت، ئەوا هەموو بووەنەرەوەکان بە خۆشیانەوە بە شێوەیەکی (یەك گشت)ی تاقانە و بێ هاوتا و لە هەمانکاتیشدا یەکخراو(ئیتحاتی) لەنێو و لەگەڵ یەکتری؛ دەدۆزنەوە و دەبینن(٦) لەم ڕوانگەیەوە و بە ئاگاداریم لەوەی تێکەڵی زیاتری جەڕوبەحسی لۆگۆس نەبووم لای فەیلەسوفانی تر، دەتوانم بڵێم لۆگۆس لای هیراکلیتۆس کە لە فەیلەسوفانی سەرەتایی یۆنان و بەکاربەری سەرەتای وشەی (لۆگۆس)ە بە ناوێکی پیرۆز یاخوود (هەبوویەکی سەرمەدی) یان «بوونێکی ئەزەلی و ئەبەدی» و... هاوشێوەی ئەمانە دانراوە، ئەم قەول و دونیابینیەی هیراکلیتۆسی فەیلەسووف گەلێك گرنگە بۆ تێگەشتنی زیاتر لە بابەتی «لۆگۆسی پیرۆز»ەکەی ئێمە، کە لە مەسیحیەتدا و بەتایبەت لە ئینجیلی یۆحەنادا ناوبراوە.

[V]

پایەبەرز تیتۆس فلاڤیۆس کلیمێنس (٧) کە یەکێکە لەو پایەبەرزانەی بە یەکەمین کەلامییەکانی مەسیحیەت دادەنرێت، تێڕوانینێکی بەرجەستەی هەیە دەربارەی) لۆگۆس (Logos کە دەفەرمووێت: <ئەلفا و ئۆمێگا؛ لۆگۆسن...>(٨) بەمەش دەیەوێت بڵێت :

"لۆگۆس ئەوەڵە، لۆگۆس ئاخیرە، لۆگۆس لەوپەڕی هەموو شتێك تا ئەمپەڕی هەموو شتێکی؛ دەوردراوە..." «لۆگۆس» وشەیەکی بە بنەچە یۆنانییە، یەکێکە لەو وشانەی کە واتایی فرەوفراوانی هەیە وەك لەسەرەوە باسم کرد؛ بەڵام لە ئینجیلدا لۆگۆس زیاتر بە واتایی (دانایی خوداوەند) وکەلامی خوداوەندی یاخود پەیامی خوداوەندیی دێت (٩)، ئەم کەلام و دانایيە خوداوەندییە؛ لە جوڵەدایە و هەبوویەکی کۆنکرێتی ڕاوەستاو نییە، سەبارەت بە بوونیشی _هەر هەبووە و هەر دەمێنێت_..." (١٠) بەڵام چۆن؟

[VI]

ئەو لۆگۆسە کە لەگەڵ خودا دا بوو هەر لە ئەزەلەوە؛ لە سووڕی بۆتەرخانی[موسەخەرکراو] خۆیدا دەبێتە «مۆنۆلۆگ-مۆنۆلۆگۆس» مۆنۆلۆگبوونی لۆگۆس واتە: کەوتنی «کەلامی خودا» یاخوود نزیکترین-شت-لە وشەی لۆگۆس_ و حیکمەتی خوداوەندی «لەخوداوەندەوە و لای خوداوە بۆ ناو شتێکی تر _مرۆڤێك_ و هاتنە گۆی ئەو شتە بە تاکگۆیی[مۆنۆلۆگ] لەبارەی لۆگۆسە گشتگیرەکە، دواتر ئەم لۆگۆسەی خودا کە مۆنەلۆگ دەبێت، بەرکەوتن لەگەڵ بەرامبەری گوێگریدا دروست دەکات و دەبێتە (دیالۆگ-دیالۆگۆس) ئەم لۆگۆسەی خودا هەم لە تاکگۆییە_مۆنۆلۆگۆسە_کەدا بوونی هەیە [بۆ نموونە: دۆخی عیسا، پێش ئەوەی بگاتە ٣٠ ساڵ](١١) وە هەم لە گفتوگۆکردن_دیالۆگۆسەکەدا بوونی هەیە [بۆنموونە: دۆخی عیسا دوای ئەوەی گەشتە ٣٠ ساڵی و دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی پەیامی خودا، یاخود حیکمەتی خوداوەندی لۆگۆسی هێنایە ناو زمان و دیالۆگی ئەوانی تر(دیتران)].

بەم شێوەیە لۆگۆس کە دێتە ناو تەنێکی مرۆیی، مۆنۆلۆگ دەبێت و دواتر کە دێتە ناو زمان و گفتوگۆوە؛ بە دیالۆگ دەبێت.

[VII]

قسەی کۆتایی:

بەم شێوەیە سووڕی «لۆگۆسی پیرۆز» لە ناو تیۆلۆجیای مەسیحیەتدا سووڕدەخوات و لە کۆتایدا لۆگۆس دەبێتەوە بە لۆگۆسە خامەکەی سەرەتا و دەچێتەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە و ئیتحاد لەگەڵ خودادا دەکاتەوە، هەروەك چۆن ئیتحادی لەگەڵ بووندا کرد، لەم سۆنگەیەوە؛ لۆگۆس خودایە و خوداش لۆگۆس، هەم لای خوداش بووە هەر لە ئەزەلەوە _وەك تەمایەکی وی_، هەم خودی خۆشی خودا بووە _لەبەر ئەوەی وشەی خودا؛ خودایە و خوداش خودا نییە تا تەما و لۆگۆسی وی خوداوەندێتی ئەو دەچەسپێنێت_، هەموو شتیکیش بەو بەدی هاتووە _کاتێك دەبێتە (ببە...) و (فرمان) ئەویش نەبا هیچ شتێك بەدی نەدەهات، ژیانیش هەر لەناو ئەودا بووە، هەروەك چۆن خودی (ژیان)یش ڕووناکی مرۆڤ بووە، ئەم ڕووناکیەش کە سەرچاوگەی یەکەم و بنچینەی (لۆگۆسە) لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە، هیچ تاریکییەکیش _مرۆیی و نامرۆیی_ لەم ڕووناکییە تێناگات) .(١٢)

پەراوێزەکان:

(١)یوحەنای کوڕی زەبدی یاخود یۆحەنای ڕەسووڵ: ناسراو بە هەورەتریشقە، لە حەواریەکان_ئەوانەی لەگەڵ یەسوعی مەسحدا بوون_ و هەڵبژاردەی خودی عیسا خۆی بوو تا لەگەڵی بێت، شارەزایانی بواری کتێبی پیرۆز و سوونەتی مەسیجەیت؛ یۆحەنا بە نوسەری ڕاستەقینەی (ئینجیلی یۆحەنا) و هەروەها نوسەری (ئاشکراکردن-موکاشەفە٩)دەزانن، کە یەکەمیان بەشێکە لە ئینجیلە چواردانەیەکەی مەسیحیەت و ئەوی تریشیان واتە ئاشکراکردن بەشی کۆتایی ئینجیلە.

(٢)ئیتۆس یاخود ئیثۆس: سەرچاوە یاخود بنەما واتاکەیەتی، یۆنانییەکان هەندێك جار ئەم وشەیان بۆ ئەو حاڵەتی: هێزی کاریگەری میوزیکی، ڕەفتاری و ...هتد- لەسەر هەستەکان بەککاردەهێنا.

(٣)هیراکلیتۆسس:لە ٤٧٥ی پێش زانی مریەمدا ژیاوە تا ٥٣٥ی پ-زم، یەکێکە لە کاریگەرترین و گرنگترین فەیلەسوفانی سەرەتا و پێش سوکرات.

(٤) (بەرعۆدە)م لە بەرامبەر وشەی (ضامن) داناوە. بڕوانە/ فرهنگ دانشگاه/٩٢٥.

(٥) "داوابکەن پێتان دەدرێت، گەر بگەڕێن دەدۆزنەوە، لەدەرگا بدەن دەرگا بە ڕووتاندا دەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر کەسێك داوابکات پێی دەدرێت، ئەوەشی بگەڕێت دەدۆزێتەوە، ئەوەشی لە دەرگا دەدات لێی دەکرێتەوە..." _مەتتا ٩:٧_

(٦)بڕوانە: فصلنامە تاریخ فلسفە-سال هفتم، شمارە٢٥، تابستان١٣٩٥/لوگوس و حرکت در فلسفە هراکلیتوس/ ب:لوگوس/ص٢٠٠/ مولف: سید محمد رضا حسینی.

(٧) تیتۆس فلاڤیۆس کلیمێنس (Titus Flavius Clemens) :لە نزیکی ١٥٠ دوای زانیی مریەمدا لە خانەوادەیەکی یۆنانی پاگانی_بتپەرست_ چاوی بە دونیا هەڵهێنا، ئەو لەدوای باوەڕهێنانی بە مەسیح سەفەرگەلێکی زۆری کرد و لە حزووری کۆمەڵێك مامۆستای زۆر گەورەی مەسیحیدا وانەی خوێند و دواتر خۆشی بووە مامۆستا و پایەبەرزی ناو سوننەتی مەسیحیەت.

(٨)ئەلفا: وشە یەکەم و ئۆمیگا: وشەی کۆتایی ئەلفابێتی یۆنانییە.

(٩)بڕوانە ئینجیلی پیرۆزKSS یۆحەنا یەکەم/ پەراوێزی.a

(١٠)ئاسمان و زەوی بەسەردەچن، بەڵام وشەکانی من هەرگیز بەسەر ناچن... _مەتتا ٣٥:٢٤_

(١١) عیسا لە دوای ٣٠ سالی دەستی کرد بە دەرخستنی کەلامی خودا_لۆگۆس_بۆ کەسانی تر و کەوتە _دیالۆگ_ یان دروستتر بڵێم (لۆگۆسی خستە ناو دیالۆگەوە و ئیتر لۆگۆس دەدوا نەك عیسا جەستەیە-مرۆییەکە)

(١٢) لێی تێنەگەشت: بڕوانە یۆحەنا یەکەم ٥/پەراوێزی b.

هەڵەبجە هاوینی ٢٠١٨